# سەرەتایەکی نوێ بۆ شیعری کوردی

## باوکی (بابا تاهیری هەمەدانی)ش شاعیر بووە!

عەبدولڕەحمان پاشا

**(پوور فەرەیدوون) ... شاعیری (کۆنی) تازەی کوردە!**

لە لاپەڕە ٩٩ ی کتێبی (کردان پارس و کرمان) دوکتۆر (جمشید صداقت کیش)، بابەتێک بە زمانی فارسی دەخوێنینەوە بەناوی (أشعار "پور فریدون" در نسخهای چاپی أشعار بابا طاهر).

نووسەری ئێرانی، لە بابەتە (فارسی)یەکەیدا دە نووسێت:

(کە ئەم بابەتە تا کۆتایی بەشی هەشتەمی کتێبەکەی، بەشێکە لە وتارێک کە لە کۆنگرەی (بابا تاهیری عوریان)، لە شاری هەمەدان و لە ڕۆژی ١٦ شهریور ساڵی ١٣٧٩ خوێندوومەتەوە)،

پاشان دەڵێت:

(پوور فەرەیدوون) زانایەکە، شاعیرێکی پڕ دەرد و ئێشە، لە کۆتایی سەدەی حەفتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەم دەژیا و لە کوردەکانی ناوچەی (فارس)بووە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە (پوور فەرەیدوون)، شاعیری (عیرفان و تەوحید)ە و هەمان زمانی (بابا تاهیری هەمەدانی)ی هەیە و بە هەمان وەزن و کێش، شیعرەکانی خۆی دەهۆنییەوە!

ئەم (بەیەک چوونە)ش بووە هۆی ئەوەی کە شیعری (پوور فەرەیدوون) لەگەڵ شیعری (بابا تاهیر) تێکەڵ بن و هەندێک لە شیعرەکانی (پوور فەرەیدوون) لە دیوانەکانی (بابا تاهیر)دا، بە ناوی (بابا تاهیر) چاپ بکرێن!

(جمشید صداقت کیش) لەسەری دەڕوات و دەڵێت:

یەکەمین کەس کە هەستی بە تێکەڵبوونی شیعرەکانی (بابا تاهیر) و (پوور فەرەیدوون) کردبێت، دوکتۆر (پەرویز ناتل خانلەری) بووە، کە لە وتارێکیدا بە ناوی (دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر)، باسی ئەو تێکەڵ بوونە دەکات و لە ساڵی ١٣٢٤ ئێرانی (١٩٤٥ز) وەک وتارێک لە یەکێک لە گۆڤارەکانی ئەو دەمەی تاراندا،



**باباتاهیری هەمەدانی**

بڵاوی دەکاتەوە.

دوکتۆر(خانلەری) لە سەرەتادا بەشێک لە شیعرەکان دەهێنێت و دەڵێت کە هەندێک لەم شیعرانە هی (بابا تاهیر) نین و ئەم دوو بەیتانەش وەک نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت ئەمانە شیعری (پوور فەرەیدوون)ن:

**عزیزا مردی آز نامردی نایی**
**فغان و ناله آز بی درد نایی**
**حقیقت بشنو آز پوور فریدون**
**که شعله آز تنور سرد نایی**

پاشان دوکتۆر(خانلەری) ئەم دوو بەیتانەش دەخوێنێتەوە:

**بوره کزدیده جیحونی بسازیم**
**بوره لیلی و مجنونی بسازیم**
**فریدون عزیز آز دست مو رفت**
**بوره ئەز نو فریدونی بسازیم**

(خانلەری) دەڵێت لەوانەیە (فەرەیدوون) لەم بەیتەدا (پوور فەرەیدوون) بێت.

دووەمین کەس کە دێتە ناو ئەم بابەتەوە، نووسەری ئێرانی بەناوبانگ (سەعید نەفیسی)یە کە هەر لە ژمارەی دواتری هەمان گۆڤاری ئێرانیدا، باسی ئەم تێکەڵبوونە دەکات و دێتە ناو بابەتەکەوە.

**کۆنترین سەرچاوە سەبارەت بە (پوور فەرەیدوون)**

کۆنترین سەرچاوە کە باسی (پوور فەرەیدوون) دەکات و ناوی دەهێنێت، (فەرهەنگی جهانگیری)ـە، لە نووسینی (جمال الدین بن حسین بن فخرالدین حسن اینجو)یە کە لە ساڵی ١٠٠٥ هجری قەمەری نووسیویەتی.

**سەرچاوەیەکی تر**

پاش (فەرهەنگی جهانگیری) باسێکی کورت سەبارەت بەم شاعیرە لە کتێبی:
(نظم گزیدە)ی دێت کە لە نووسینی (محمد صادق نازم تبریزی)یە.
(نازم تبریزی) کە بە خۆی یەکێک لە شاعیرانی پلەی دووەم بووە، بە فەرمانی شا (عەباسی گەورە) شیعرەکانی شاعیرانی ئێران کۆ دەکاتەوە و کتێبەکەی لە ساڵی ١٠٣٦ی (هجری قەمەری) تەواو دەکات و دەنووسێت:
(پوور فەرەیدوون لە کوردەکانی شاری فارسە).
پاشان دوازدە دوو بەیتی لە شیعرەکانی (پوور فەرەیدوون) بڵاو دەکاتەوە.
پاش ئەوانە نووسەرێکی سەدەی یازدەمی کۆچی، بە ناوی (مەلا عەبدولسەمەد ساروی) ژمارەیەک دوو بەیتی (پوور فەرەیدوون) دێنێت و بڵاویان دەکاتەوە.
لە دوو بەیتی سەرەتادا (کە بەر لە ئێستا باسمان کرد)، (پوور فەرەیدوون) دەڵێت:

**عزیزا مردی آز نامردی نایی**
**فغان وناله از بی درد نایی**
**حقیقت بشنو آز پوور فریدون**
**که شعله آز تنور سرد نایی**

**(پوور فەرەیدوون) لە مێژووی شیعر و پەخشاندا**

سەعید نەفیسی لە کتێبی (تاریخ نظم و نثر در زبان فارسی تاپایان قرن دهم هجری) دەنووسێت:
(پوور فەرەیدوون) لە شاعیرانی کۆتایی سەدەی حەفتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەمە و لە کوردانی فارس بووە، هەندێک لە دوو بەیتەکانی بە زمانی پەهلەوی فارسی پێمان گەیشتووە.

**(پوور فەرەیدوون) کوردی چ شوێنێکە؟**

هەر نووسەری کتێبی (کردان پارس و کرمان) دوکتور (جمشید صداقت کیش) بەدوای قسەکانی خۆیدا دەچێت و دەڵێت:

لەو شوێنانەی کە باسی (پوور فەرەیدوون) دەکەین، دەڵێن کە ئەو خەڵکی شاری شیراز و (رەی)یە، بەڵام (سەعید نەفیسی) پەنا بە کتێبی (نظم گزیده) دەڵێت، کە ئەو لە (کوردەکانی فارسە).

**سەعید نەفیسی دەڵێت:**

(... کە زانیمان "پوور فەرەیدوون" لە نەژادی کوردە و زانیمان کە کوردەکانی زەمانی کۆن، لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی (فارس) دەژیان و بەشێکیان لە ناوچەی (ئاباده) و (ئیزەد) و هەندێکیشیان لە ناوچەی (شەبانکارە) و دەور و بەری (کەرمان) و لە ناوچەی (بابک) بوون، هەر بۆیەش ناتوانرێت بڵێین (پوور فەرەیدوون) خەڵکی کامە ناوچەی (فارس) بووە.

بەڵام لە سەدەی هەشتەم، بەشێکی زۆری کوردانی فارس، لە دانیشتوانی باکووری ئەو سەرزەمینە بوون و لەنێوان (ئاباده) و(ئیزەد) دەژیان و دوور نییە (پوور فەرەیدوون)یش لەو ناوچانەدا ژیابێت.

خاڵێکی تر کە باسی شوێنی ژیانی (پوور فەرەیدوون) دەکات، ئەم دوو بەیتەیە:

**صفا هونم، صفا هونم، چه جائی**
**که هر یاری گرفتم بی وفا بی**
**شوم یکسر برونم برونم تا بشیراز**
**که در هر منزلم صد اشنابی.**

(نووسەر دەڵێت):

گومان نییە کە شوێنی ژیانی (پوور فەرەیدوون) لەگەڵ کوردەکانی هەمان نەژادی خۆی، ئەم شوێنە بووبێ.

بابەتێکی تر کە ئەم بیر و رایە پتەو و بەهێزتر دەکات، ئەوەیە کە ئەم دوو بەیتەش هی (پوور فەرەیدوون)ن.

**مرا سر نه سودایی نه سودی**
**نه درد دل فکر بهبودی نه بودی**
**نخواهم زنده رود و باغ کاران**
**که هر چشمم هزاران زنده رودی**

پاش ئەم شیعرە، خودی نووسەرەکە دەڵێت:

(زنده رود) هەر هەمان (زاینده رود)ـە و (باغ کاران)یش باغێکی کۆنە لە ناو ئیسفەهانی ئێستادا.

لەم شیعرەدا ئاشکرایە کە (پوور فەریدوون) خاڵە جوگرافییەکانی خۆی باش دەناسێتەوە و گومانیش نییە کە شیعری تریشی هەبێت، باسی شوێنی جوگرافی تر بکات، بەڵام ئێمە لەو شیعرانەی بێ ئاگاین. (ئەم قسەیە هی سەعید نەفیسی)یە.

**(پوور فەرەیدوون) باوکی بابا تاهیرە!**

پەنا بەو شیعر و قسانەی پێشتر، ژمارەیەک لە نووسەر و لێکۆڵەران و تەزکەرەنووسان، (پوور فەرەیدوون) بە باوکی (بابا تاهیری هەمەدانی) دەزانن. لەوانەش:

١- ئاقا بزرگ تهرانی خاوەنی(العزریه)، سەبارەت بە دیوانی بابا تاهیر و بە زمانی عەرەبی، وای نووسیوە:

(هو بابا تاهر الهمداني أبن فريدون كما يبدو من شعره ... كان حيا في ٤١٠).

واتا: (ئەو، بابا تاهیری هەمەدانی یە کوڕی (فەرەیدوون)ـە ، هەر چۆن لە شیعرەکانییەوە دیارە. لە ساڵی ٤١٠ لە ژیاندابوو).

٢- کەسێکی تر، پاش ئاقا بزرگ تهرانی، (پوور فەرەیدوون) بە باوکی بابا تاهیری هەمەدانی دادەنێت، (وەحید دەستگردی)یە کە ئەم شیعرە وەک نموونە دەهێنێتەوە:

**أی کاخ سخنوران دانا**
**وی عرش کنوز علم بیجون**
**أی مدفن پاک أبن سینا**
**وی مسقت پوور أفریدون**
**مسعود و بدیع أز تو پیدا**
**عين القزات در تو مدفون**

(دکتور جواد مقصود) لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا دەڵێت:

(مەبەست لەم (پوور فەرەیدوون)ـە، باباتاهیرە، چونکە ئەوەی زانراوە، ناوی باوکی بابا تاهیر (فەرەیدوون)ـە.

٣ - م. ئاورنگ، (پوور فەرەیدوون) بە باوکی بابا تاهیر دادەنێت و لەو باوەڕەدایە کە بابا تاهیر، ئەم دوو بەیتەی خوارەوەی، بە بۆنەی لە دەستدانی باوکی نووسیوە.

**بوره کز دیده جیحونی بسازیم**
**بوره لیلی و مجنونی بسازیم**
**حقیقت بشنو أز پوور فریدون**
**بوره أز نو فریدونی بسازیم.**

**شیعرەکانی (پوور فەرەیدوون)**

ئەو دوو بەیتییانەی کە بەناوی (پوور فەرەیدوون) هەن و لە دیوانەکانی بابا تاهیردا بڵاو نەکراونەتەوە، نۆ دوو بەیتی و تاکێکن.

ئەمەش دوو بەیتی (زۆر جوانی) یەکەمن:

**عزیزا رخنه در سندان کند عشق**
**مرس در گردن شیران کند عشق**
**گدا و پاشا و میر و درویش**
**همه با خاک و خون یکسان کند عشق.**

پاشان دەڵێت:

**دلا جز شوق تو بازم نبازم**
**بجز تو واکسی سازم نسازم**
**تویی ناز و نیاز هردو کونم**
**بجز وصلت، ز حق خازم نخازم**

لە کۆتاییدا (پوور فەرەیدوون)، بە کوردییەکی نزیک لە زمانی کوردی ئێستامان دەڵێت:

**بکو پوور فریدون یارت آمد**
**درخت سبز گوهر بارت آمد**
**بده انگشترت را مژدگانی**
**رفیق غمخور و غمخوارت آمد**

هەروەها زۆر بەجوانی دەڵێت:

**برادر با رفیق بد مکن خو**
**به حاجت پیش نامردان مکن رو**
**حقیقت گویدی پوور فریدون**
**گل پس مانده کس مکن بو!**

ئەم شیعرە نازدارە، بەو زمانە کوردییە کۆنەی بەر لە نزیکەی هەزار ساڵ نووسراوەتەوە، هەر لەو کاتەی کە دارو بەرد، دژی کورد و زمانی کوردی ڕاوەستابوون و هیچ نووسینێک، بە زمانی کوردی نەبوو.

کوردییەکەی ئێستامان لەگەڵ کوردیی پێش شێست- حەفتا ساڵ، جیاوازییەکی زۆری هەیە.

خوێنەری (کوردی)ی ئێستامان بە زەحمەت ڕۆژنامەی (کردستان)ی کوردی پێش سەد و بیست ساڵ دەخوێنێتەوە.

ملیۆنان کەسمان هەن، ناتوانن زمانی کوردی بەپیتی لاتینی (تورکیا) و ئەوروپا بخوێننەوە.

زمانی ئینگلیزی ئێستا، زۆر جودایە لەگەڵ زمانی ئینگلیزی کۆن!

ئەم ئینگلیزییەی ئێستا، پێش ٤٠٠ و چەند ساڵێک بەم شێوەیە نەبوو، (شکسپیر) ئەم ئینگلیزییەی هێنایە گۆڕێ، پێش شکسپیر زمانی ئینگلیزی، کەس - وەک ئێستا- پیێ نەدەخوێنرایەوە، ئێستا کەسی لە ئینگلیزییەکەی پێش شکسپیر تێ ناگەن.

ئێستاش دوو زمانی ئینگلیزی هەیە و جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە، ئەویش ئینگلیزی ئەمریکی وئینگلیزی بەریتانییە.

ئەوجار ئەو کەسانەی کە ئینگلیز نین و بە ئینگلیزی قسە دەکەن، هەر وەک هیندییەکان کە پاش داگیرکردنی وڵاتەکەیان، زمانی ئینگلیزی بوو بە زمانی سەرەکییان، کەچی قسەکردنیان بە زمانی ئینگلیزی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئینگلیزییە ئەمریکییەکەدا هەیە!

دەبێ بەم فەرق وجودایییە - کەمەی- نێوان زمانی خۆمان قایل بین، هەر بۆیەش لێرە - یارمەتی خوێنەر دەدەم- و ئەم پارچە شیعرە جوانەی سەرەوەی (پوور فەرەیدوون) بە زاراوەی ئێستامان و بە گۆڕینێکی کەم، ئاسان دەکەمەوە:

(پوور فەرەیدوون) دەڵێت:

**برادەر، لەگەڵ ڕەفیقی بەدخو مەکە**
**بۆ حاجەت، ڕوو لە نامەردان مەکە**
**پوور فەرەیدوون حەقیقەت دەڵێت**
**گوڵی بەرماوەی کەس، بۆن مەکە**

**شیعرەکانی پوور فەرەیدوون لە ناو شیعری بابا تاهیردا**

لە لاپەڕە ١١١ی کتێبی (کردانی پارس و کرمان)ی دوکتور جەمشید صەداقەت کیش دا، ئەمە دەخوێنینەوە:

بەگشتی، ١٦ دوو بەیتیی (پوور فەرەیدوون)مان لە ناو دیوانی بابا تاهیردا هەیە.

بەقسەی م . أورنگ، (ئەم دوو) بەیتییانە لە ١١ نوسخەی بابا تاهیردا هاتوون. نوسخەی یەکەمیان هی ساڵی ١٢٢٢ ئێران (هـ . ق)یە کە لە کتێبخانەی مەجلسی شووڕای ئیسلامیدایە.

(ئەم دوو) بەیتییانە لە شەش نوسخەدا بەناوی (پوور فەرەیدوون) هاتوون و لە چوار نوسخەشدا بەناوی (تاهر قەلەندەر) هاتوون.

بەڵام چونکە لە کتێبی (نظم گزیدە) بەناوی (پوور فەرەیدوون) هاتوون، هەر بۆیەش لەگەڵ شیعرەکانی (پوور فەرەیدوون) دایاندەنێین.

دوکتۆر خانلەریش هەر بە هی (پوور فەرەیدوون)ی دادەنێت و دەڵێت:

ئەم دوو بەیتانە هی بابا تاهیر نین، چونکە ئەم دوو بەیتانە لە گشت نووسینەکانی (خەت و چاپکراوی) بابا تاهیردا نین، هەر بۆیەش لە نووسینەکانی (پوور فەرەیدوون) دایاندەنێین، پاشان ئەم دوو بەیتانەش دێنێتەوە:

**عاشق اون بی، کە دایم در بلا بی**
**أیوب اسا بە کرمون مبتلا بی**
**حسن اسا بنوشە کاسە زەهر**
**حسین اسا شهید کربلا بی**

اورنگ دەڵێت:

ئەم دوو بەیتییەش لە ١٧ نوسخەدا بەناوی بابا تاهیر هاتووە، بەڵام چونکە لە نوسخەی مەلا عەبدولسەمەد ساروی بەناوی (پوور فەرەیدوون) هاتووە، دەبێ لەگەڵ سرووەدەکانی (پوور فەرەیدوون) دایانبنێین.